# بەڕازیل مۆندیاڵی 2014 لە خۆ دەگرێت .... ئەنوەر خەراجیانی



یەکێتی تۆپی پێی جیهانی (فیفا) لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا بە کۆی دەنگ بڕیاریان دا کە دوای مۆندیاڵی 2010 کەلە باشووری ئەفەریقا ئەنجام ئەدرێت پاشان خولی مۆندیاڵ بگوێزرێتەوە بۆ وولاتی ئەمەریکای باشوور، لە بڕیارەکەدا دەستنیشانی وولاتەکەی کردووە کە بەر وولاتی بەڕازیل بکەوێت واتە وولاتی بەڕازیل دەبێت بە دوو جارخولی مۆندیاڵ بگرێتە خۆیی، سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی جیهان (سیب پلاتیر) ئاشکرای کرد کە وولاتی بەڕازیل شایستەی یاریەکانی خولی مۆندیاڵە، (سیب پلاتیر) ئاماژەی بەوەدا لە 17 خولی کاسی جیهانیدا بەڕازیل توانیوێتی 5 جار پلەی یەکەم بەدەست بهێنێ و چەند جاریش لە یاری کۆتایدا نەی توانیوە بیباتەوە وەك لە ساڵی 1950 و 1998 لە یاری کۆتایدا سەرنەکەوتووە، سیب پلاتیر زۆر وەسفی وولاتی بەڕازیلی کرد کە کێشەی جەنگ و ئاسایش و یاریگا و پێداوویشتی مۆنداڵیان نییە هەمان شت ئەوەی بەبیر ئامادەبوانا هێنایەوە کە مۆندیاڵی ساڵی 1950 لە بەڕازیل ئەنجامدرا بە خولێکی سەرکەوتوی وەسف کرد.

بەڕازیل لەم ساڵانەدا پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە لە خولی مۆندیاڵ دا 1958 و 1962 و 1970 و 1994 و 2002، وا تێبینی دەکرێت پلان بۆ ساڵی 2018 دانراوە کە مۆندیاڵ بگوێزرێتەوە بۆ وولاتی ئینگلترا کە خاوەنی یاری تۆپی پێیە.

ئامادەکردنی
ئەنوەر خەراجیانی
پەیامنێری کوردستان نێت





